# چیی بخوێنینەوە

**ئیدریس عەلی**

بۆ نووسەرو خوێنەریش زۆر گرنگە چەند زمانێکی جیهانیو جیا جیا بزانێت، لانی کەم بۆ ئەوەی برێك ئاگاداری ئاستی رۆشنبیریو ئەدەبیاتو چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەو نووسەرو رۆشنبیرو بیرمەندانە بن کە ئەمرۆ لە دونیای روناکبیریو ئەدەبیاتدا حسابیان بۆ دەکرێتو گوێیان لێدەگیرێت.. یاخود پێویستە بخوێنرێنەوە.

ئەم نەوە گە نجەی ئێمە کەدەستمان داوەتە کاری ئەدەبیو بەرهەمهێنانی دەقو نووسین پاشخانی ئەدەبیو رۆشنبیری کوردیو ئەو برە تێکستە کەمەی کە جوانو نەمرن بەشی پێویست نین بۆ فراوانگردنی سنورەکانی رۆشنبیریو دەوڵەمەند کردنی ئاستی عەقڵیو تێگەیشتنمان بەرامبەر بە ئەدەبو رۆشنبیری، بەڵکو زۆر گرنگە ئاگاداری ئاستی رۆشنبیریو بەرهەمی ئەدەبی نووسەرە جیهانیەکانو ئەو تێکستانە بین کە ئەمرۆ لە جوانیو نەمریدا جەنگی بردنەوەی خەلاتە گەورەکانی ئەدەبو جوانی دەکەن، پێویستە ئەم نەوە گە نجەی ئێمە کە زۆربەمان بەهۆکاری باری ئاڵۆزی سیاسیو داراییو هەلومەرجی نەگونجاوی کۆمەڵایەتییەوە لە قۆناغەکانی خوێندنو فێربوونی چەند زمانێکی جیهانی بێبەش بووین، لەومیراتیە گەورە رۆشنبیریو ئەدەبییەی جیهانیش بێبەش نەبین، تەنها بەو دەلیلەی کە جگە لەزمانی دایك چ زمانێکی تر شك نابەین بۆ خوێندنەوە.

ئەمرۆ ئیتر بەهۆی بوونی فەزای ئازادی نووسینو بیرکردنەوە بلاوکردنەوەوە کۆمەڵێك دەزگاو خانەی تایبەت بە وەرگێرانی ئەدەبیاتی بیانی لە کوردستاندا دامەزراون، کۆمەڵێك وەرگێریش لە ئاستی جودا جودا خەریکی ناساندنو وەرگێرانی تێکستی نەمرو جوانی جیهانین کە رەنگە زۆرێکمان خەون بووبێت لەلامان رۆژێك لە رۆژان بەر بەرهەمی ئەو نووسەرە دەگمەنو بەرچاوانە بکەوین کتێبێکیان یاخود رۆمانێکیان یان دیوانێکی شیعریان لە باوەشی خۆماندا ببینین و هەستبکەین ئەوە ئێمەین لەنێو دنیایەکی تردا غەرقی خوێندنەوەو شەڵالی تێکستێکی تر بووین.

ئەوەی جێگەی داخە بۆ ئەم جیلە گەنجەی ئێمە شارەزانەبوونمانە لەزمانێکی تردا، ئەو دەقو کتێبانەش کە لەرێگەی وەرگێرانەوە بەریان دەکەوینو دەیا نخوێنینەوە رەنگە وەك کارو هونەری وەرگێران لە ئاستی پێویستدا نەبن و وەڵامدەرەوە نەبن بە ئاستی چێژ وەرگرتنو تێگەیشتنمان، چونکە لەلایەکەوە رەنگە هاورێ وەرگێرەکا نمان نەگەیشتبنە ئاستی کامڵ بوون، لە لایەکی دیکەشەوە پێدەچێت هەندێك وەرگێر بە رۆحەوە لەتەك تێکستە ئەسڵیەکەدا نەژیابێتو تەنها کاتێك بەر دەقە ئەسڵێەکە کەوتبێتن کە سەر قاڵ بوون بە کاری وەرگێرانەکەیەوە.

بەتایبەت لای هەموان روونە وەرگێرانی کارێکی ئەدەبی وەك رۆمان یاخود شیعر زەحمەتی زیاتر دەوێتو پێویستە وەرگێر برێکی باش ئاگاداری زمانی شیعریو خەیاڵو فەنتاسی و فەزای هونەری نێو تێکستەکە بێت..ئەگەر نا ئەوا لەلایەکەوە غەدر لە نووسەری دەقەکە دەکاتو لەو لاتریشەوە خوێنەر دەخاتە گێژاوێکەوە کەزۆرجار واهەست دەکەین ئەم دەقە هەر لەراستیدا ئاستێکی لاوازی هەبووە.

من بۆخۆم زۆر جار لە ساتی خوێندنەوەی رۆمانێکدا یاخود شیعرێکدا تووشی ئەو حاڵەتە بوومو بەدەست وەرگێرانەکەیەوە هیلاك بووم، ئەگەر پێشتر بابەتێکم لەسەر نووسەرەکەی نەخوێندبێتەوە ئەوا یەکراست برِیارمداوە کە ئەم تێکستە شایەنی وەرگێران نییەو ئیدی نازانین چیی بخوێنینەوە.